# دوو کتێبی فەرهاد پیربال چاپ دەکرێنەوە




**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

سەرجەم کتێبەکانی د.فەرهاد پیربال، نووسەر و ڕۆماننووسی کورد چاپدەکرێنەوە، بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا دوو کتێبی چاپ و بڵاوبکرێنەوە و پاشان مەراسمێک بۆ بڵاوکردنەوەیان ڕێکبخرێ.

سۆران عەزیز، خاوەنی ماڵی وەفایی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەنیازن تەواوی کتێبەکانی د.فەرهاد پیربال جارێکی دیکە چاپ و بڵاوبکەنەوە و لەم هەفتەیەدا دوو لەو کتێبانەی بڵاودەکرێنەوە.

ئاماژی بۆ ئەوەش کرد، پێنجشەممەی داهاتوو کۆمەڵە چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان) و کتێبی (ڕێبازە ئەدەبییەکان)ی ئەو نووسەرە بڵاودەکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش مۆڵەتی جارێکی دیکە چاپکردنەوەی کتێبەکانی وەرگیراوە.

کۆمەڵە چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان) بە یەکێک لە بەرهەمە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی پیربال دەناسرێ کە لە 124 لاپەڕەدا چاپکراوەتەوە و کتێبی (ڕێبازە ئەدەبییەکان)یش بۆ جاری سێیەم چاپ دەکرێتەوە.

سۆران عەزیز ئاماژی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان بەنیازن لە ماوەی داهاتوودا تەواوی کتێبەکانی ئەو نووسەرە چاپ و بڵاوبکەنەوە، بەهۆی ئەوەی بەشێک لە خوێنەرانی ئێستا ئەم کتێبانەیان نەبینیوە. بۆ ئەم پڕۆژەیەش مۆڵەتیان لە فەرهاد پیربال وەرگرتووە.

خاوەنی ماڵی وەفایی لە هەولێر، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە فەرهاد پیربال بەنیازی بڵاوکردنەوەی دوو کتێبی نوێیە و بڕیارە لەڕێگەی ماڵی وەفاییەوە چاپ و بڵاوبکرێنەوە.

ماڵی وەفایی لە ئۆکتۆبەری 2010 دامەزرا و سەرەتا وەک کتێبفرۆش و قاوەخانەیەک خۆی ناساند، دواتر پڕۆژەکەی گەورەتر کرد بۆ گێڕانی چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی.

# ئیبراهیم مەحموود "داری قابیل" بڵاودەکاتەوە




**■ ئا: بەسام مستەفا**

نووسەر و لێکۆڵینڤانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، ئیبراهیم مەحموود بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە کە دەقێکە بە زمانی عەرەبی و دوو هەزار لاپەڕە دەبێ. کتێبەکە لە بەغدا چاپکراوە.

دەقەکەی ئیبراهیم ناوی "شجرة قابيل" واتە "داری قابیل"ە کە لە سێیینەیەکی مێژووی و کولتووری پێکدێ. کتێبی یەکەم بەناوی "عێراق یەک دایک و زۆر هاوسەر" لە 615 لاپەڕە و حەوت بەش پێکهاتووە. کتێبی دووەم بەناوی "سووریا.. ژیان لە ژێر سێبەری زڕباوکدا" لە 714 لاپەڕە پێکهاتووە. لێکۆڵەر باسی مێژووی سووریا دەکات لەو کاتەی لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسادا بووە تاوەکو ئەمڕۆ. هەرچی کتێبی سێیەمە بەناوی "کوردستان.. بێوەژن و برایانی دوژمن" لە 584 لاپەڕە و شەش بەش پێکهاتووە. کتێبەکە دوو پاشکۆشی لەگەڵە بەناوی: کورد و دەوڵەتی سووریا و لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی.

ئیبراهیم مەحموود ساڵی 1965 لە گوندی خرپە عینز لە نزیک قامشلۆ لەدایکبووە. بەشی فەلسەفەی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی هزری و ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. زیاتر لە 40 کتێبی نووسیوە، لەوانە: (سێکس لە قورئاندا- 1994)، (چەند بەشێک لە ژیننامەی قامشلۆ- 2000)، (کوشتنی باوک لە ئەدەبیاتدا، سەلیم بەرەکات بە نموونە- 2007)، (کورد لە ئەدەبیاتی عەرەبی ئیسلامیدا- 2007) هەروەها خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی ئاڤێستا- 2013).

# "زۆربای ئێرانی"ی بە کوردی

**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

(زۆربای ئێرانی) کە تازەترین ڕۆمانی «قادر عەبدوڵڵا»ی ڕۆماننووسی فارسیی هۆڵەندینووسە، لەلایەن وەرگێڕی کورد شەفیقی حاجی خدر دەکرێتە کوردی و بڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە.

شەفیقی حاجی خدر، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆمانەکە لە چاپە هۆڵەندییەکەیدا ناونیشانێکی درێژی هەیە بەناوی (ڕێڕەوی قاپقاپە زەردەکان)، بەڵام لەسەر پێشنیازی من و بە پەسەندنامەی نووسەر ناونیشانەکە لە چاپە کوردییەکەدا بۆ (زۆربای ئێرانی) گۆڕاوە".

هەروەها گوتی: "نووسەر بەتایبەت کورتە نامەیەکی خۆیشی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە نووسیوە و تێیدا پەیوەستبوونی خۆی وەک کەس لەگەڵ شاکەس و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و گرێدانەوەی بە کورردستان، نەخاسمە بە دیمەنی ناوازەی گوندێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاشکرا کردووە".

قادر عەبدوڵڵا تاوەکو ئێستا زیاتر لە 20 کتێبی بە زمانی هۆڵەندی نووسیوە. شەفیق حاجی خدر، لەبارەی ئەو ڕۆمانەی قادر عەبدوڵڵاوە دەڵێت: "ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە ئەوانی دیکەی جیادەکاتەوە، وێڕای ناوەڕۆکە هەژێن و دەوڵەمەندەکەی، شێوازێکی ناوازەی تەکنیکە کە تێیدا جنۆکە، پەپووسلێمانکە، دووربین و دواتر چاوی کامێرا دێنەگۆ، خوێندنەوەی کورتە بەندەکانی ڕۆمانەکە وا لە خوێنەر دەکا، وەک ئەوەی بەتەنیا لە هۆڵێکی گەورەی سەردەمیانەی سینەما دانیشتبێ، ئیدی بەتەنیا فیلمێکی وروژێنەر، هەستیار، لێبدرێ و بە هەر پێنج هەستە بەرجەستەبووەکانی لەگەڵ دیمەنەکانی فیلمەکەدا لە کاردانەوەدا بێ".

پێشبەندی ڕۆمانەکە بە سێ لاپەڕەی پوختەی شاکاری (منطق الطير)ی فەریدەدین عەتار دەستپێدەکا، ئەمەش بەلای شەفیقی حاجی خدرەوە زیاتر مرۆڤ دەباتە نێو جیهانی هەست و نەستەکان و دەیوروژێنێ.



# سوێنەکانی خەمبار

بەکر عەلی



1-2

سەختترین شۆک بەر خود بکەوێت مردنی خۆی نییە، بەڵکو مردنی کەسێکی ئازیزێتی، لێجیابوونەوەی ئەو سوبیەکتەی ترە کە هەر خودێک لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە. لەڕاستیدا خودی پەتی و ڕەها بەشێوەیەکی ڕیالیستی لەهیچ شوێنکاتێکدا نییە، چونکە هەموو خودێک خودێکی تری هەڵگرتووە، لێرەوەیە هەموو خودێک لەخۆیدا بریتییە لە بابەتێک، واتە هەموو منێک بریتییە لە ئەوانیتر، هەموو سوبیەکتێک بریتییە لە ئۆبیەکت لەخۆیدا. خودی پەتی شتێکی وەهمیی بێ بنەمایە، من بوونەوەرێکە هەڵگری چەندین من و بەها و پێوەری ترە، لەبەرئەوەیە پسایکۆلۆگیا دروست بووە تا ئەم هەناوە پڕ لە سوبیەکتە، دروستتر بڵێم، ئەم سوبیەکتە پڕ لە سوبیەکتە شیکار و شیتەڵ بکات و بناسێت، ناسینی سوبیەکتیش لە دوو دۆخی دەروونیدا خۆی دەنوێنێ. دۆخی دڵتەنگیی سوبیەکت و دۆخی دڵخۆشیی سوبیەکت. هەردوو دۆخەکەش (تەنگی و خۆشی) لەناو هەمان ئۆرگاندان: دڵ. لێرەوەیە کاتێک کەسێک لێمان جودا دەبێتەوە، کۆچ دەکات یان دەمرێت، ئیتر دڵتەنگ و خەمبار دەبین. خەمباری چییە، جگە لەو شوێنەوارەی کۆچی کەسێک لەناوماندا بەجێیدەهێڵێت. شوێنەوارێک، سۆراغێک لە هەناوماندا زەق دەبێتەوە و پێماندەڵێت تۆ دووکەرت بوویت و کەرتێکت نادیارە، تۆ چیتر بەرکەماڵ نیت. سپینۆزا دەیگوت خەمباریی گرنگە ڕوودات تاوەکو مرۆڤ هەست بە بەرکەماڵیی خۆی نەکات.

خەمگینی وەک هەستێکی دەروونی بریتییە لە شوێنەوار، لە سۆراغی ئەو کەسەی بەجێیهێشتووین. لە زمانی کوردیدا کەسێک پیوار بێت، دیارنەمێنێ، کۆچ بکات، دەڵێین شوێنی دیارە. واتە هەموو کەسێک لەناو شوێندایە و شوێنەوارێکی هەیە. یادەوەری خۆی چییە جگە لە شوێنەوارێکی دێرین لەناوماندا، بەهەمانشێوە غەم بریتییە لە شوێنەواری بەجێهێشتنی ئۆبیەکتەکان. لێرەدایە دەبینین ئەو کردەیەی تاک دروست دەکات بریتی نییە لە کۆبوونەوە و پێکگەیشتن، بەڵکو بریتییە لە لێجیابوونەوە و دابڕان لەویتر. بەپێی فرۆید ونکردنی ئۆبیەکتێک وا لە "ئیگۆ" دەکات بگەڕێتەوە لای خۆی، ئەمەش بەمانای ئەوەی: بەونکردنی ئەویتر، من خۆی دەدۆزێتەوە. چونکە ئۆبیەکت خۆی چییە؟ بەپێی سلۆتەردایک، جگە لەو سوبیەکتەی شتەکانیتر داگیریان کردووە، ئۆبیەکت واتە دوو سوبیەکتی و جووتبوونی سوبیەکتەکان. بەم پێیە، هیچ سوبیەکتێک بە ڕیالێتی بوونی نییە، بەڵکو هەموو سوبیەکتێک بارکراوە بە سوبیەکتی تر. لێرەوەیە هەموو ئۆبیەکتێک دەشێت دابەش بێت بۆ سوبیەکتەکانی، دەشێت بەشێکی لێ جیابێتەوە، هەموو ئۆبیەکتێک وەکو دایک وایە، هەڵبەت کەسێکی هەر لێ جیادەبێتەوە (منداڵبوون)، بەمەش ئیتر هەموو کەس دەشێت تووشی خەمباری بێت. سلۆتەردایک زۆر ورد ئەم دۆخە پێناس دەکات بەوەی: ئێمە هەموومان هەتیوی شتەکانین.

بۆیە تاک چەمکێکی تیۆری نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی وجودیانەیە. خودێکە بەرلەوەی لە هۆشیاریدا بچەسپێت، لەناو بووندا دێتە ئاراوە. نالی لە قەسیدەیەکیدا ئەم دێرە وجودییە تاکئاراییە دەنووسێت:

لەلای من با وجودی ناس و ئەجناس
کەسی کەی تیا نییە ئەم شارە بێ تۆ

دیارە مەبەستی لەوەیە سەرباری وجودی ئەو هەموو خەڵکە، کەچی من لەگەڵ کەسدا نیم، من تەنیام دوای کۆچی تۆ. لێرەدا ئەم خودە تەنیایە خودێکی غەمگینی قوژبنە تاریک و گۆشەگیرەکان نییە، خودێکی خەمۆکییانەی شکستخواردووی پسایکۆیی نییە، خودێک نییە چیتر سڵ لە دنیا بکاتەوە و خۆی دوورە پەرێز و گۆشەگیر و دابڕاو بژێنێ، بەڵکو خودێکە لەناو جیهاندایە وەکو تاکێکی جیابووەوە لە تاکەکەی تری، کتومت وەکو جیابوونەوەی منداڵ لە دایک، ئیتر هەردووکیان دەبنە دوو تاکی سەربەخۆ. لێرەوەیە لەدایکبوونی تاک لەڕێی لێجیابوونەوەوە ڕوودەدات. وەک سلۆتەردایک دەنووسێت: تەنیایی لە مەلۆتکەوە دەستپێدەکات.

ئەویتر وەک دۆست، وەک هاوڕێ، وەک خۆشەویست، وەک کەس و هتد بریتییە لەو بەشەی تری من کە لەناوەوەمدا تەواوم دەکات، تەنیاش بەهۆی جیابوونەوە و دابڕانەوە لێی دەرک بە بۆشایی و بە کەماسیی ناو خۆم دەکەم، لەگەڵ جیابوونەوەی ئەویتر لێم، ئیتر من هەست بە تەنیایی و تاکانەیی خۆم دەکەم. ئەوەی وادەکات من هەست بە تاکبوونی خۆم بکەم ڕۆیشتنی ئەوە و مانەوەی منە، کۆچکردنی ئەوە و بەجێمانی منە. گەر لەم تیۆرییە رابمێنین، ئەوا دەبینین لەنێوخۆیدا جۆرێک حەسرەت و خەم و دڵتەنگی هەڵگرتووە، بەڕادەیەک زۆرێک لە دابڕان و لە کۆچەکان دەبنە مایەی دروستبوونی خەم و پرسەی دراماتیکیش، وەک لە حاڵەتی مەرگی ئازیزانماندا.

تاک کەسێکی خەمبارە، کەسێکە خەمی بۆ بەجێهێشتنی تاکەکانی ترە. ئەوەی کەسێک بەجێی بهێڵێت ئیتر دەبێتە تاک و خەم وەکو هەستێکی نێوەکی دەیبەستێتەوە بە کەسی کۆچکردووەوە. وەک سلۆتەردایک دەڵێت: خەم بریتییە لەو پێخەفەی، تاک بۆ ئارامبوونەوەی، خۆی پێ دەپێچێتەوە.

هەموو بەجێهێشتنێک ڕووداوێکی خەمهێنە. لە کوێ بەجێهێشتن هەبێت، تاک لەوێ دەبێت. بەڵام خەم خۆی چییە، جگە لە ئەزموونێکی دەروونییانە لەسەر لێکدابڕان لە شتێک یان لە کەسێک، خەم دۆخێکە مرۆڤ لێوەی جیهان تەنیا لەو دۆخەدا دەبینێ کە تیایدا هەیە. بۆ نموونە هەموو ئەوانەی لە نیشتمان ئاوارە دەبن، ئەو هەستە خەمۆکییەیان تێدا دروست دەبێت کە شوێنی یادگارییەکانیان بزر کردووە.

هەروەها لە حاڵەتی مەرگدا دەبینین، مەرگی ئەویتر ڕووداوێکە لەنێو مندا ترسی هەمان چارەنووس دەورووژێنێ. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژێک دەبێت ئەویتری نزیکم، هاوڕێکەم، خۆشەویستەکەم، یاوەرەکەم لەکیس بدەم، سەرەتای درککردنە بە کۆتایی بوونی خۆیشم. وەک چۆن گەلگامیش لە مردنی ئەنگیدۆی هاوڕێیدا چارەنووسی خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هەر لەو ساتەوە خود لە شوێن دۆزینەوەی یاوەر و هاوبەشی تری ژیاندا بووە. واتە لەپاش مەرگ و دابڕانی خود لە ئەویتری نزیکی، هێشتا دەستبەرداری ژیان نەبێت، بەڵکو بەبێ ئەوانیش هەر درێژە بەژیان بدات. وەک سلۆتەردایک دەڵێت: مەرگ دەبێتە شرینقەیەک بۆ دروستکردنی کایە و پەیوەندیی تر. وەک چۆن ئەوگوستینوس بیری مەرگی هاوڕێ نزیکەکەی دەکاتەوە و ئەوەی تێدا دەبینێت کە ئەگەرچی منی دووەم و تەواوکەری ئەو بووە، کەچی ئەو هەر بەردەوامە لە ژیان و دەگەڕێت بەدوای هێزێکی باڵای نادیاردا کە خودایە و مایەی دڵنەوایی و دڵدانەوەیەتی.

## هاوکاتکردنی مەرگ یان تێپەڕاندنی مەرگ

توانای ئەوەی ساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەکان تێپەڕێنرێت، بریتییە لە سیفاتە هەرە سەرەکییەکەی مرۆڤ. مرۆڤ بوونەوەرێکە لەکوێشدا چارەی نەبوو، لەوێدا هەر چارەیەک دەدۆزێتەوە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی. ئەگەر وەها نەبووایە ئەوا مرۆڤایەتی دوای ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەریدا هاتوون، تا ئێستا بڕی نەدەکرد. لێرەوەیە ژیان لە جەوهەردا بریتییە لە بەرگریکردن لە فەوتان، لە شەڕی مانەوە لەناو بووندا. پرسە شینوشەپۆڕ نییە بۆ مردووەکانمان، بەڵکو ئاهەنگگێڕانە بۆ درێژەپێدانی ژیانی زیندووەکان. گەر پرسە نەبووایە مەحاڵ بوو کەسی کۆستکەوتوو، کەسی لێقەوماو بەرگەی جیابوونەوەی کەرتە تەواوکەرەکەی خۆی بگرتایە. فرۆید لە ساڵی 1915دا دەنووسێت: بەرگەگرتنی ژیان، وەکو یەکەمین ئەرکی هەموو زیندوویەک دەمێنێتەوە.

وەک گوترا، کارەساتی جیابووەنەوە و دابڕان لەویتری نزیکم دەبێتە مایەی دەرکەوتنی تاک. واتە تا ئەوکاتەی تاک دەکەوێتە پەیوەندی بە لایەنێکی ترەوە، هێشتا هەر تاک دەمێنێتەوە. دەبێت خود قەرەبووی لەکیسدانی هاوڕێکەی،خۆشەویستەکەی، دۆستەکەی بکاتەوە، گەر نەیتوانی ئەوا وەک تاک دەمێنێتەوە. پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەویتر لە پەیوەندی بە مندا دروستی دەکات، بریتییە لە کۆششی ئەوەی خود دەخوازێت کایەی تر بەرفراوانتر و ساتار بکات. ئێمە لەجیهانیژانماندا کاتێک کەسێکی نزیکمان لێ دەڕوات، بەو کەسە دەڵێین هێشتا جێگەی دیارە، یان شوێنی پڕ ناکرێتەوە. بەتاک و تەنیابوون ئەو دۆخەیە کە ئێمە نەتوانین قەرەبووی کەسی لەکیسچوومان بکەینەوە. نالی دروست درکی بەو هەستە تەنیاییە وجودییە کردووە کاتێک لە غیاب و پیواربوونی خۆشەویستەکەیدا ئیتر هیچکەس ناتوانێت قەرەبووی ئەوی بۆ بکاتەوە.. با وجودی ناس و ئەجناس کەسی کەی تیا نییە ئەم شارە بێ تۆ.

نالی ئەوە پیشان دەدات کە بەکۆچکردنی ئازیزەکەی حەز دەکات هاوکات ئەویش کۆچ بکات. کەسی عاشق حەز دەکات یان مەرگی پێکەوەیی یان ژیانی هەمیشەیی. لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا (ڕۆمیۆ و جولێت) و لەئەدەبیاتی کوردیدا (مەم و زین) باشترین نموونەی داستانی ئەم حاڵەتەن. فەرەنسییەکانیش لەسەر کێلی مردووەکانیان دەنووسن: دوای کۆچی تۆ جیهان خاڵییە. سلۆتەردایک دەڵێت: کەسێک وەک تاک پێناس دەکرێت کە نەتوانێت قەرەبووی کەسە لەکیسچووەکەی بکاتەوە، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکی نێوەکییانەی لەگەڵ کۆچکردووەکەدا دەمێنێتەوە. لێرەدا ئەو نموونەی چیرۆکی فیلمی تایتانیک دەهێنێتەوە، کە (ڕۆز) دوای مەرگی (جاک) هەموو تەمەنی بە تەنیایی دەژی و لە پەیوەندییەکی نێوەکیدا بەجاکەوە بەردەوام دەبێت. ئەمە هاوکاتکردنی مەرگە بۆئەوەی بە سەڵتی و تەنیایی نەژی. لەگەڵ ئەوەشدا کەسی کۆستکەوتوو چیتر دەبێت جیهان بەهەموو قورساییەکیەوە بەکۆڵەوە بگرێت. لێرەوەیە تاکایەتی هیچ نییە جگە لە خۆڕاهێنان لەسەر توانای بەتەنیا مانەوە، لە بەجێمان. ئەوەی بەجێدەمێنێ مەحکومە بە وەرگرتنی میراتی تاکایەتی.. بەجێمان بەتەنیایی لە فیگوری جۆراوجۆردا بەرجەستە دەبێت، وەک: سەڵتبوون، هەتیوبوون، بێوەژنبوون، بێوەپیاوبوون. ئەمانەش ئەو بەژنە تاکانەن کە مرۆڤ هەمیشە پێشتر لەبەرچاوی گرتوون، واتە بەر لە ڕوودانی جیابوونەوە خود پێشبینی تەنیابوونی خۆی دەکات، وەک سلۆتەردایک دەڵێت: من بریتییە لە ئۆرگانی پێش ماڵئاوایی. چونکە خود پێشتر کۆچکردنی نزیکەکانی خۆی لەبەرچاو گرتووە. واتە هەموو تاکێک لەنێو خۆیدا لەمەشقی خۆئامادەکردندایە کە ڕۆژێک دێت کەسی نزیکی لەکیس بدات. واتە بەر لە ڕوودانی جیابوونەوە، تاک لە درککردنی بەجیابوونەوە لەدایک دەبێت. لێرەوەیە دڵتەنگیی بەرایی و و غەمباریی پێشوەخت خۆی وەک فاسیلەیەک بەیان دەکات. بەڵام لە ئەوینی ئەبەدیدا ڕەفزی فاسیلەیەکی لەوجۆرە دەکرێتەوە و هیچ دڵتەنگییەکی پێشوەختی پێشبینیکراو قبوڵ ناکات و دڵدار و دلبەر خۆیان وەک دووانەیەکی ئاوێتەبوو دەبینن کە هیچ هێزێک لێکیان جیاناکاتەوە و هیچیشیان نابێت کەڵێنی وا بدەن بە دەستەوە تا زەفەریان پێ ببات و ببێتە مایەی بەجێهێشتنی ئەویتر و مانەوەی بەتەنیا لە دنیادا.

# سیزێف و سزای تاهەتایی

## گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا



میشێل پیکماڵ
وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

سیزێف، شای کۆرینت (Corinth) بوو. ڕۆژێک لە دارستان خەریکی ڕاو بوو، هەڵۆیەکی بە ئاسمانەوە بینی. لەبەر ئەوەی هەڵۆکە زۆر گەورە بوو، لە هەموو باڵندەکانی دیکە گەورەتر بوو، سەرنجی سیزێفی ڕاکێشا، ئەو هەڵۆیە کچێکی لاوی بە چنگی هەڵگرتبوو.

سیزێف زۆر زوو تێگەیی ئەوە زیوسە و دەیزانی نابێ خۆی لە کاری خوای خواکان هەڵقورتێنێ. سەرباری ئەوەش کە ئاسۆپیوس (Asopus)، خوالەی ڕووبار، هات و بۆ دۆزینەوەی کچەکەی داوای یارمەتیی لێکرد، سیزێف خێرا پێیگوت: "ئەگەر کانییەکی هەمیشەیی بە شارەکەم، کۆرینت، ببەخشی، ڕاستییەکەت پێ دەڵێم."

ئاسۆپیوس قبووڵی کرد و سیزێف هەموو شتێکی ئاشکرا کرد: "زیوس خۆی کردبوو بە هەڵۆ، کچەکەتی دزی و بردی بۆ دوورگەیەک کە لە کەناراوەکانی ئێرەوە دیارە".

سەرەڕای ئەو زانیارییە بەنرخانەش، ئاسۆپیوس نەیتوانی کچەکەی بدۆزێتەوە، چونکە زیوس خۆی کرد بە گاشەیەکی گەورە و بە هەورە تریشقەیەک ئاسۆپیوسی فڕێدا. بەڵام خوای خواکان خیانەتەکەی شای کۆرینتی لەبیر نەکرد و بەسەختی سیزێفی سزا دا.

زیوس سیزێفی فڕێدا نێو وڵاتی مردووەکان. سزای سیزێف لەو وڵاتەدا هەم کەوتە سەرزاران و هەمیش بوو بە نموونەیەکی تاهەتایی. دادوەری دۆزەخ گاشە بەردێکی پێشانی سیزێف دا، ئەو گاشەیە هێندەی ئەو گاشەیە گەورە بوو کە زیوس خۆی هێنابووە سەر شێوەی و فەرمانیان بە سیزێف کرد ئەو گاشەیە هەتا سەر لووتکەی تەپۆڵکەکە ببات و لەوێوە فڕێیداتە ئەوبەری تەپۆڵکەکە.

سیزێف قەت نەیتوانی گاشەکە فڕێداتە ئەوبەری تەپۆڵکەکە. هەموو ڕۆژێک زۆر بەسەختی و بەزەحمەت گاشەکەی دەگەیاندە سەر تەپۆڵکەکە و، هەر کە دەگەییشتە ئەو جێیەی کە دەبوو گاشەکەی لێوە فڕێداتە ئەودیوی تەپۆڵکەکە و لە ئامانجەکەی نیزیک دەبووەوە، هێز و تاقەتی لێ دەبڕا. گاشەکەی لە دەست دەترازا و دیسان گلۆر دەبووەوە بۆ نێو قووڵایی دۆڵەکە و، سیزێف دەبوو هەموو جارێک سەرلەنوێ کارەکەی خۆی پات بکاتەوە.

### شرۆڤەی فەلسەفی

سزاکەی سیزێف هێمای بەدبەختیی مرۆڤە. زۆرجار ئێمەش بەهیوای گەیشتن بە ئامانجێک کە هەمیشە لە دەستمان ڕادەکات، تل بە چەند گاشەیەک دەدەین.

ئەو شارستانێتییانەی چەندین سەدە بۆ گەشەکردنیان هەوڵ دراوە، لەوانەیە بگەڕێنەوە سەردەمی بەربەرایەتی. هێندێک کەس دەڵێن ژیان خولێکە، کە تێیدا منداڵ گەورە دەبێت، بەڵام کە دەگاتە تەمەنی پیری دیسان منداڵ دەبێتەوە. ژیان لە نەبوونەوە دەستپێدەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون. ئێمە بۆ مردن لەدایک دەبین. هەمیشە هەموو شتێک بۆ دەستپێکێکی دووبارەیە.

وێڕای ئەوەش فەیلەسووفێک بە ناوی ئالبێر کامۆ (1913_1960) نووسیویەتی: جگە لە قبووڵکردنی ئەو چارەنووسە پووچە هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە. مرۆڤ لەجیاتی خەون و خەیاڵی بێهوودە دەبێ چارەنووسی خۆی قبووڵ بکات و پەروەردەی بکات.

کامۆ، نووسەری ئەفسانەی سیزێف دەنووسێت: "دەبێ سیزێفی بەختەوەر وێنا بکەین".

ئەم ئوستوورەیە یەکێک لە گەورەترین مەسەلە فەلسەفییەکان دێنێتە گۆڕێ کە دێتە سەر ڕێی هەموو مرۆڤێک. لە لایەکەوە دەبێ مرۆڤ لەگەڵ بێهوودەیی خۆی ڕووبەڕوو بێتەوە و هەوڵ بدات سەرەڕای هەمووی ئەوانە بەختەوەریی خۆی لەو بێهوودەییەدا بدۆزێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، لەوانەیە لە چنگ ئەو ڕاستییانە ڕابکات و بیەوێت پەنا بباتە بەر ئەو باوەڕانەی مزگێنیی ژیانێکی بەرزتر و باشتری بۆ دوای مردن پێ دەدەن. ئەوەش دەکەوێتە سەر تاکی مرۆڤ کە کام باوەڕیان هەڵدەبژێرێ.

سەرچاوە:

حکایت‌های فلسفی (اسطوره‌های یونان باستان)، میشل پیکمال، ترجمه‌ی مهدی ضرغامیان، نشر آفرینگان، چاپ اول 1391، تهران.

# دەریاس و لاشەکان و گرفتەکانی خوێنەری کوشندە

شاخەوان سدیق

### "هەموو نووسەرێکی گەورە خەڵەتێنەرێکی گەورەیە" (نابۆکۆڤ)

"ئەدەبیات لەو ڕۆژەوە لەدایک نەبوو کە کوڕێکی بچکۆلە، لە پێدەشتی نیاندەرتاڵەوە فرتەی کردە دەرێ و هاواری دەکرد گورگ، گورگ. بەڵکو لەو ڕۆژەوە لەدایکبوو کە کوڕەکە هاواری کرد: گورگ هات، گورگ هات و هیچ گورگێکیشی لەدواوە نەبوو. ئەم بابەتە کە دواجار کوڕە نەگبەتەکە لەبەر ئەوەی زۆر درۆی کرد، بووە خۆراکی ئاژەڵە کێوییە ڕاستەقینەکان. تەواو ڕێکەوتە. بەڵام خاڵی گرنگ ئالێرەدا لە نێوان گورگی ناو بێشەڵان و گورگی ناو چیرۆکەکەدا پەیوەندییەکی کاڵە. ئەو هێڵی پەیوەندییەش هونەری ئەدەبیاتە"

ئەم پێشەکییەی سەرەوە تێگەیشتنێکی سادەیە بۆ تێفکرین لە جیاوازیی نێوان (ئەدەب و واقیع، بەتایبەت ڕۆمان و واقیع). بەبڕوای من خوێندنەوەی ڕۆمان وەک یەکێک لە گرنگترین ژانرەکانی ئەدەب، یەکێکە لە چێژبەخشترین ئەو بوارانەی کە ئاسوودەیی زۆر بە مرۆڤ دەبەخشێ. بەمەرجێک خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بتوانێت ئەدەب وەک ئەدەب و ڕۆمان وەک ڕۆمان خۆی سەیر بکات، نەک هیچی تر. چونکە ئەوەی لە ڕۆماندا نووسراوە، دروستکردن و بنیاتنانی دونیایەکی نوێیە لەسەر کاغەز و دوور و نزیک پەیوەندی بە واقیعەوە نییە، هەرچەندە بیرۆکەی هەموو تێکستێک ڕیشەیەکی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی واقیعی، بەڵام ئەو چیرۆکە هەرچەندە بیرۆکەکەی زادەی ڕووداوێکی واقیعیش بێت، کە بوو بە ئەدەب و ڕۆمان ئیتر لە واقیع دەکەوێت و دەبێتە کەرەستەیەکی نوێ کە زادە و داهێنراوی خەیاڵە. هەروەک چۆن "مرۆڤ ناتوانێت دوو جاران لە ئاوێکدا لە هەمان شوێن بپەڕێتەوە" ئاواش ناکرێت هەموو چیرۆکێک هەم واقیع بێت و هەم فەنتازی.

نووسەر و ڕۆماننووسی ڕووسی (ڤلادیمیر نابۆکۆڤ) پەیوەست بەم بابەتە دەڵێت: "ئەدەبیات واتە داهێنان، ڕۆمانیش واتە ڕۆمان. ئەگەر ڕۆمانێک ناوبنێین ڕۆمانی ڕاستەقینە، هەم سووکایەتیمان بە هونەر کردووە هەم بە واقیع. نووسەر لاسایی سروشت ناکاتەوە، تەنها پێ لەسەر شوێنپێی سروشت دادەنێ".

لێرەوە کێشە گەورەکە ئەوەیە مرۆڤ وێنەکان وەک خۆی نەبینێت. گرفتە خوێنەر بیت و هەمیشە لە ڕۆماندا بەدوای ئاوێنەیەکدا دا بگەڕێیت تا وێنەی پارچە شکاوەکانی خۆت، نەگبەتی و دڵشکانەکاتی تێدا بدۆزیتەوە. هیچ ڕۆمانێک ڕەچەتەی چارەسەری ئازارەکانی تۆی پێنییە. ئەو تەنها ئازارەکانت نیشاندەدات و دەستنیشانی دەکات. وەڵامی هیچ پرسیارێکت ناداتەوە، تەنها فێرت دەکات چۆن پرسیار بکەیت. ڕۆمانی باش لەبری تۆ بیر ناکاتەوە، بەڵکو ڕێگاکانی بیرکردنەوەت بۆ ئاسان دەکات. وەک ئەوەی میلان کۆندێراش دەڵێت: "عەقڵی ڕۆمان عەقڵی ئاڵۆزییە، هەموو ڕۆمانێک بە خوێنەرانی خۆی دەڵێت، شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە بیریان لێدەکەیتەوە".

ئەڵبەتە ئەم تێگەیشتنە بۆ خوێنەری ڕاستەقینەی تێکستە. نەک بۆ کتێبکڕ، ئەوانەی کە هەموو ئارەزوویان ئەوەیە تەنها کتێب بکڕن و هەیانبێت، ئیتر نەشیخوێننەوە گرنگ نییە. بۆ خوێنەرێکە، کە ڕاڤەی نوێ لە خوێندنەوەوە بەرهەم دێنێت و خۆی تەفسیرکەرێکی گەورەیە. خوێنەرێک کە تەنها چاوەڕوانی دەستی نووسەر ناکات هەموو شتێکی پێبڵێت، بەڵکو خۆی بەشدارە لە پرۆسەی بەخشینی مانا و ئاسۆکانی نووسەر تێدەپەڕێنێ.

لە وتاری (خوێنەری باش و نووسەری باش) دا (ڤلادیمیر نابۆکۆڤ) پێناسەی خوێنەرمان بۆ دەکات و دەڵێت: "خوێنەری باش کە سێکە کە خەیاڵ، یادگەیەکی باش، فەرهەنگی وشە و کەمێک درکی هونەریی هەبێت، کە هەر کاتێک دەرفەتی بۆ دێتەپێش، ئەم درکە لەخۆیدا پەروەردە دەکات و پێشنیار بۆ ئەوانیکەش دەکات ئەم کارە بکەن".

بەداخەوە ئەوەی لەمڕۆدا دەیبینین و بووەتە کێشەی بەشێک لە خوێنەری ڕۆمانی کوردی، کێشەی تێنەگەیشتنە لە ڕۆمان، لە تێکست و بەهاکانی. بۆیە لەگەڵ دەرچوونی هەر ڕۆمانێکدا شوێن و کارەکتەر و ڕووداوەکانی یەکڕاست دەبەستنەوە بە ناوچەیەکی دیاریکراو و فلانەکەس و فلانە ڕووداوەوە، ئەویش تەنها لە پێناو چەند ئامانجێکی تایبەت و بەمەبەستدا. ئەمە تێگەیشتنی تایپێکە لە خوێنەر کە جگە لە ناوی (خوێنەری کوشندە) هیچ ناوێکی دیکە هەڵناگرن. چونکە بە بڕوای ئەم تایپە لە خوێنەر ڕۆمان هەر ئەوەیە کە ئەوان دەیزانن. جۆرێکە کە دەبێت ئەوان بزانن چیرۆکەکەی هی کێیە؟ لەکوێ ڕووداوەکانی ڕوویانداوە و پاڵەوانەکانی کێن. ئیتر ئەوان بێئاگان لەوەی کە (کۆندێرا) دەڵێت: "فیگۆری ڕۆمان وێنەی ناوەوەی هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نییە، بەڵکو تەواو خەیاڵییە". یان وەک ئەوەی بەختیار عەلی دەڵێت: "شوبهاندنی کارەکتەرەکان بە فیگەری واقیعی، پتر ئەزموونی خوێنەرە تا ئەوەی ئەزموونی نووسەر بێت. کەسە واقیعییەکان وەک شتی نەبینراو و شاراوە دەردەکەون و دەژین تا لەناو چیرۆکدا یەکێک دەدۆزینەوە لەوان دەچێت".

بەڵێ نە هیچ چیرۆکێکی ناو ڕۆمان بەتەواوی واقیعییە و نە هیچ کارەکتەرێکیشی. خوێنەر دەبێت تێبگات کە ڕۆمان چییە؟ دۆنکیشۆت و تێڕوانینی ئەو بۆ دونیا وەک بوونەوەرێکی زیندووی واقیعی بۆ هیچ کەس جێگای باوەڕ نییە، بەڵام وەک ڕۆمان چ کارەکتەرێک هێندەی ئەو لە یادەوەریماندا زیندووە. ڕەنگە بە دەیان تاوانی وەک تاوانەکانی ناو ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی لە واقیعدا ڕوویاندابێت، بەڵام تاوانەکەی کارەکتەرێکی وەک (ڕاسکۆلنیکۆڤ) هەرگیز ڕووینەداوە. هیچ بوونەوەرێک وەک (گریگۆری سامسا) بەیانییەک لە خەو هەڵنەساوە و بووبێتە قالۆنچە. هیچ شارێکیش نییە وەک ڕۆمانی (کوێری)ی ساراماگۆ تەواوی دانیشتووانەکەی کوێر بووبن. بەڵام ئیتر ئەمە سیحر و ئەفسوونی ئەدەبە تیشکدانەوەی ڕووداوەکانی ناو واقیعمان بەجۆرێکی دیکە پیشاندەداتەوە. ڕاماندەگرێت لەبەردەم هەموو ئەگەرێکدا کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕووی نەداوەو دەشێت ڕووبدات.

چونکە بۆ خۆی ئەدەب هونەری ژیانە. ئەگەر بەم دیدە سەیری کاری هونەری و ئەدەبیمان کرد، لەوە دەکەوین کە هەرگیز وێنەی داهێنانی ئەدەبی ببەستینەوە بە واقیعەوە و پێمان وابێت نووسەر لەناو ڕۆماندا باسی ئەم و ئەو دەکات کە ئەمە جگە لە کەمبایەخکردنی ڕۆمان و بچووککردنەوەی فەزای تێکست شتێکیتر نییە. وەک ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا وا باس و وێنای ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی (بەختیار عەلی)کرا و خوێندرایەوە. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم بەرهەمی ئەم نووسەرە نەبوو بەر ئەم جۆرە خوێندنەوە و تێفکرینە کەوتبێت، بەو پێیەی زۆر لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە ئیشکردنە لەسەر جۆرێک لە گێڕانەوەی مێژووی ئێمە وەک کورد لەماوەی شەست حەفتا ساڵی ڕابردوودا، بەڵام بە دونیابینی و بەکەرەستەی تەواو ئەدەبیانە. زۆرتر لە هەموو ڕۆمانەکانی تری، (دەریاس و لاشەکان) بووەتە جێگای ورتە ورتی هەندێک خوێنەری کوشندە و پیاوە بەناو خوێندەوارەکانی حزب، بەجۆرێک کە لێرە و لەوێ هەر ڕۆژەو بە ئارەزووی کەم مەعریفەیی خۆیان و لە پێناو بەرژەوەندی حزبیانەی خۆیان خوێندنەوەیەکی نوێ بەبەر ڕۆمانەکەدا دەکەن و فەزا و کارەکتەر و ڕووداوەکانی ناوی هەرجارەو بە چیرۆکگەلی داتاشراوی خۆیان دەچوێنن و ناوی ئەم سەرکردە و فلان بەرپرس و فلان ڕووداو بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دادەنێن کە لەڕاستیدا من بەشێک لەم دیدانە بە مەبەست و پلان بۆ داڕێژراو دەبینم و هەوڵێکی ترسنۆکانە و بێشەرمانەی بەناو ڕۆشنبیرەکانی حزبە بۆ لێدان لە کەسایەتی نووسەرەکەی لەو ڕێگەیەوە.

ئەگەرچی بەشێک لەوانەش تەنیا پەیوەندی بە ناهۆشیاری و کەم مەعریفەیی



هەندێک لەو خوێنەرانەوە هەیە. لە دیدارێکدا، بەختیار عەلی خۆی دەربارەی ئەم تێڕوانینە بۆ کارەکانی دەڵێت: "هیچ فیگەرێکی واقیعی نییە من وەک مۆدێل یان وەک ئەکتی هونەرمەندانی شێوەکار دایبنێم و بیکێشم. بەڵکو واقیع تەنها لەو کاتەدا دەردەکەوێت و خۆی دەردەخات، کاتێک وەک بەشێک لە حیکایەتێک دەردەکەوێتەوە. ئەوە کارەکتەرە ڕاستەقینەکانن لەناو چیرۆکدا بۆ خۆیان دەگەڕێن، نەوەک فیگەری ناو ڕۆمانەکان بن و هەوڵبدەن لە واقیعدا هاوشێوەی خۆیان بدۆزنەوە".

لەڕاستیدا کێشەی ئەم تایپە لە خوێنەر و بینینی تێکست و داهێنانی ئەدەبی کێشەیەکی لۆکاڵی و تەنها کوردیانە نییە، ئەمە بینینی زۆرێک لەو تایپە خوێنەرەیە لە زۆر شوێنی تری دونیا، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. نووسەری ناوداری میسری و خاوەنی ڕۆمانەکانی (شیکاگۆ و کەچە کۆمار و باڵەخانەی یەعقوبیان) عەلا ئەسوانی، یەکێکی دیکەیە لەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانی قوربانیی ئەو جۆرە تێڕوانینەن بەدەست خوێنەری کوشندەوە. ئەو لە پێشەکیی یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا دەڵێت: "زۆرجار بیرم لەو پرسیارە کردووەتەوە: چی وا لە خوێنەرێکی ژیر دەکات پێیوابێت ڕەفتارەکانی کەسایەتییەکی ئەدەبی لە ڕۆمانێکی خەیاڵیدا هەوڵێکە بۆ سووکایەتی بە کەسایەتییەک یان بە ئایین، یان بە توێژێکی کۆمەڵگە. ڕاستگۆیانە بیڵێم، تەواوی هۆی ئەم تێکەڵکردنە ناگەڕێتەوە بۆ خوێنەر، بەڵکو بە دەزووی زۆر باریک بەستراوەتەوە بە سروشتی خودی ئەدەبەوە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: بەشێکی زۆر لە چێژوەرگرتن لە ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خەیاڵکردنەوەمان پێ دەبەخشێ. ئێمە چێژ لە خەیاڵکردنەوە دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆمان و کەسایەتییەکانی، بەو شێوەیەی حەزی لێ دەکەین، وەردەگرین. ئەم خەیاڵکردنەوەیەش بەبێ فریودان نایەتەدی، واتە بەبێ فریودان چێژ لە خوێندنەوە وەرناگرین. بۆیە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا پێمان وا دەبێت، ئەوەی دەیخوێنینەوە بەڕاستی ڕوویداوە (بۆ ئەوەی ئەم فریودانەش بێتەدی، چراکان لە هۆڵەکانی نمایشکردن لە سینەما و شانۆکان دەکوژێنرێنەوە). بەو جۆرە، ئەو تێکەڵکردنەی خەیاڵ و واقیع لە مێشکی هەندێک کەسدا، بەڵگەی سەرکەوتنی هونەرمەندە لە کارە هونەرییەکەیدا، چونکە سەرکەتوو بووە لەوەی خوێنەر فریوبدات، بەڵام فریودان لەم بارەدا زیادەڕەوانەیە و دەبێتە هۆی تێکەڵکردنی دیمەن و حەقیقەت.

هۆی دووەم ئەوەیە کە ڕۆمان لەڕاستیدا هونەری ژیانە "ژیانێکە لەسەر کاغەز کە بە ژیانی ڕۆژانەمان دەچێت، بەڵام قووڵتر و پڕماناتر و جوانکارانەتر". لێرەوە ئەدەب هونەرێکی دابڕاو نییە، بەڵکو خودی ژیانە و لەگەڵ زانستەکانی وەک مێژوو و کۆمەڵناسی و ڕەگەزناسیدا تێکهەڵکێش دەبێت، تێکهەڵکێشییەکی دووسەرە: لە سەرێکەوە زەخیرەیەکی لەبننەهاتوو بۆ نووسین دەداتە نووسەر، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە، کە خراپە، پاڵ بە هەندێکەوە دەنێت وەک لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی کاری ئەدەبی بخوێننەوە. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، چونکە ئەدیب لێکۆڵەرێکی زانستی نییە، بەڵکو هونەرمەندێکە لە ژیاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەندێک کەسەوە کە کۆشش دەکات بۆ ئەوەی لە کارەکانی خۆیدا پێشکەشیان بکات.

ئەو دیدەی ئێستا لە کوردستان و ئەو تایپە لە خوێنەری کوشندە بۆ بینین و خوێندنەوەی ڕۆمان هەیانە، هۆکارەکەی تەنها بێئاگاییانە لەم تێڕوانینانە. ئەوان کە ناتوانن تێکست وەک خۆی ببینن، دێن وەک خۆیان شەنوکەوی دەکەن. ئەوان کە توانای خوێندنەوەی ئەدەبیان وەک داهێنان و بەرهەمی فەنتازیای نووسەر نییە، دێن بە ئاستی ناهۆشیارانەی خۆیان و بە تێڕوانینی کورتبینی خۆیانەوە تەفسیری نوێی پێدەبەخشن. لە کتێبی (خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی) و لە دیدارێکدا (بەختیار عەلی) دەربارەی خوێندنەوە و دیدی خوێنەری کوشندە بۆ (دەریاس و لاشەکان) دەڵێت: "مایەی پێکەنینە. ئەگەر فیگەرێک قەڵەو بوو، دەڵێن ئەوە فلانە سیاسیە. ئەگەر درێژ بوو قژی لوول بوو، دەڵێن ئەوە فلانە. ئەگەر بچووک و خڕپلە بوو دەڵێن ئەوە ئەویدییە. لەڕاستیدا مرۆڤ یان قەڵەوە یان لاوازە، یان بچووکە یان گەورەیە. قژلوولە یان قژخاوە. ئیتر تۆ هەر وەسفێک بکەی بەر سیاسییەکی کورد دەکەوێت. چونکە سیاسیمان لە هەموو شێوە و قەبارە و فیگەرەکان هەیە".

ئەو کێشەیەی دنیابینیی خوێنەری کوشندە کە (بەختیار) باسی دەکات، هەمان کێشەیە کە (عەلا ئەسوانی)ش باسی دەکات و دەڵێت: "لە ڕۆمانی (تەلاری یەعقوبیان) دا دوو کەسایەتی (ئەبسخرون و مەلاک)ـم پێشکەش کردووە کە دوو برای قیبتیی فێڵباز و ڕۆحسووک بوون و هەرگیز سڵیان لە درۆکردن و دزی نەدەکردەوە، تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێک هاوڕێیەکی قیبتی بە سەرزەنشتکردنەوە پێیگوتم:

– چۆن دەوێریت بەم شێوە ناشیرینە کەسایەتیی قیبتی بخەیتەڕوو.. ؟

وەڵامەکەی من (کە هەرگیز ئەو پێی قایل نەبوو)، ئەوە بوو کە من کەسایەتیی قیبتیی میسریم بە شێوەیەکی گشتی نەخستووەتەڕوو، بەڵکو کەسایەتییەکی ئەدەبیم پێشکەش کردووە، کە وا ڕێکەوتووە قیبتی بێت. ئینجا ڕۆمانەکە پڕیەتی لە کەسایەتی موسوڵمانی خواروخێچ و هەرگیز ناکرێت لەوانەوە ئەوە هەڵهێنجین، کە هەموو موسڵمانەکان خواروخێچن.

ئێستا ئەگەر واز لە تێگەیشتنی قووڵ بۆ تێکست بێنین و بە بیرکردن و سەیرکردنەی خوێنەری کوشندە لە ڕۆمان و کەسایەتییەکانی بڕوانین، ئەوا دەبێت هیچ دەقێکی نوێ بەرهەم نەیەت، چونکە هەر چیرۆکێک بگێڕینەوە، جا با ئەو چیرۆکە تەواو فەنتازیش بێت، هەر لە ڕووداوێکی واقیعی دەچێت و کارەکتەرەکانیشی هەر لە کەسێکی ڕاستی دەچن. بەڵام ئایا ئەوەندە کارێکی سانایە نووسەر بتوانێت کارەکتەر بخوڵقێنێ؟ بێگومان نەخێر. ئەوەتا (فوێنتەس) دەربارەی ئەمە دەڵێت: "مرۆڤ پێویستی بە چەند ژیانێکە بۆ ئەوەی تاقە فیگۆرێک بخوڵقێنێ". ئێستا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین، ئەوەیە کە (دەریاس و لاشەکان) پەیام و مەعنا و مەغزای گرنگ لەپشت چیرۆکەکەیەوە هەیە، ئەویش لەڕێگەی گێڕانەوەیەکی تەونئاسای ورد بە زمانێکی قووڵ و تەکنیکێکی بەهێز کە نووسەرەکەی ئاقڵانە دەستی خستووەتە سەر برینێک، جەستەی تەواوی کەسایەتی خۆرهەڵاتی و بەتایبەت تاکی کوردی داگیر کردووە کە ئەویش کێشەی بڕوابوونە بە فریادڕەسی سیاسی و پەرستنی بتی سەرکردە. ئەو لەم ڕۆمانەدا پێماندەڵێت ئێوە کە ناتوانن و ناتانەوێ هیچ شتێک لە خۆتان و کولتوور و بیرکردنەوەتان بگۆڕن، چاوەڕێی چ گۆڕانکارییەک لە فریادڕەسەکانتان دەکەن؟ ئەوەتا لە شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "شۆڕشی ڕاستەقینە کارێکی نامومکینە، لە شۆڕشی ڕاستەقینەدا دەبێت خوداکان و ئینسانەکانیش تاسەر ئێسقان بگۆڕدرێن، بەڵام لێرە نە خوداکانمان بۆ دەگۆڕدرێت و نە مرۆڤەکانمان دەتوانن دەست لە ئەخلاق و نەریت و کولتووری خۆیان هەڵگرن و بیانگۆڕن. شتێک کە بتوانین بیگۆڕین تەنیا دەموچاوەکانە".

(دەریاس و لاشەکان) ڕۆمان و شاکارێکی پڕ چێژی تەواو ئەدەبیە. بۆیە پێویستە هەر بەو دیدەش وەریگرین و بیخوێنینەوە.

### بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

1-وتاری (خوێنەری باش و نووسەری باش) ڤلادیمیر نابۆکۆڤ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر.
2-دیداری بەختیار عەلی لەگەڵ گۆڤاری سەردەمی نوێ. سازدانی هیوا قادر.
3 - خەیاڵ و حەقیقەت عەلا ئەسوانی وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵڵا.
4-هونەری ڕۆمان میلان کۆندێرا. وەرگێڕانی کەریم پەڕەنگ.
5 - خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی. دەربارەی ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان بەرهەمی ناوەندی ڕەهەند.

## د. ئەحمەدی مەلا:

# پیاو دەبێ بەشە ژنایەتییەکەی ناوەوەی خۆی بدۆزێتەوە تاکو ببێ بە پیاو

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بەدوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوونیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە شەشەمین گفتوگۆماندا، د. ئەحمەدی مەلا، نووسەر و شاعیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**



**ڕووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** چەند ڕۆژێک دەبێ "ماڵی پشیلەکان"ی هیوا قادرم خوێندەوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ڕاستییەکەی ناتوانم ئاماژە بۆ یەک یا دوو کتێب بکەم. گۆڕانکاری لە ژیانی مندا بە پرۆسەیەکی درێژخایەندا تێپەڕیوە و تێدە پەڕێ. گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە هاتوچۆی نێوان واقیع و خوێندنەوەدا ڕوودەدات، لە ڕێگەی ئەزموون و پەیوەندی و سەفەر و هتد. هەموو کتێبێک بەپێی قووڵی و وروژاندنی پرسیار، بەشداریی دەکات لەم گۆڕانکارییە. ئەوەی دمانگۆڕێ کتێب نییە، بەڵکوو ئەو زەمینەسازییەیە کە لە ناوماندا ئامادەی دەکەین، چونکە دوو کەس بە دوو جۆری جیاواز کتێب کاریگەرییان لەسەر دادەنێ، هەندێ جار ئەوەی بۆ من ئەفسانەیە، بۆ یەکێکی دیکە قسەی غەیبە، یا هەندێ جار ئەوەی بۆ من بانگەشەیە بۆ ئازادی، بۆ یەکێکی دیکە لادانە و... هتد، بۆ من هەرگیز کتێب بناغە نەبووە، بەڵکوو ئەو پەیوەندییەی کە من لەگەڵ کتێب، لەگەڵ جیهاندا هەمە.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** بۆچوونەکان زۆرن، هەموو کێشە و پرسێک بۆچوونی خۆی دەوێ. بۆ ئەوەی بۆچوونمان لەسەر خودا بگۆڕین، پێویستمان بە خوێندنەوەی کتێبگەلی ئایینی، ڕەخنەی ئایینی، مێژووی ئایینەکان و ... هتد هەیە.

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** هەموو کتێبێکی باشم خوێندبێتەوە حەزم کردووە من نووسیبام، یا دەتوانین بە شێوەیەکی شیاوتر پرسیارەکە بکەین، هەموو کتێبێکی باش، خوێنەر دەینووسێتەوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** حەزم لە ستایلی پروست بوو، ئەو ڕستە درێژە کێشدارانە، ئەو هەموو پێچانە لەخۆ دەگرێ، دەبێ شارەزاییەکی تەواوی زمانی فەرەنسی بێ، تاکو بتوانی هەندە زاڵ بی بەسەر دارشتندا. زمانی بەلزاک کاریگەریی هەیە لەسەرم. لە بواری شیعردا، ڕامبۆ سەرسامم دەکا، بۆدلێر کاریگەریی زۆری هەیە، سان جۆن پێرس خاوەن وزەیەکی ئەفسووناوییە، مەسعود محەممەد زاڵە بەسەر زمانی کوردیدا.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** کاتێک تەرجەمەی "باوکە گۆریۆ"ی بەلزاکم دەکرد، لە دوا لاپەڕەکاندا هەستم بە وروژانێک کرد، هەروەها لە "سەد ساڵ تەنیایی" مارکێز ئەو هەستەم لەلا دروست بوو. هەندێ شیعری خۆم بە گریانەوە نووسیوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشی؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** بەخشینی کتێب ئاسانە، بەڵام ئایا ئەوەی دەیخوێنێتەوە چۆن دەیخوێنێتەوە!

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەرەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

> بەختەوەری ئەو کاتەیە کە ڕابردوو و ئایندە نامێنن

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** چاکە چەمکێکی زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەندە لای من. ئەگەر چاکە بۆ ئەوە بێ کە پاداشتت بدەنەوە، بۆ من بە چاکە ناژمێردرێت، بەڵکوو وەکو قەرز و گرێبەستی لێدێ. ئایا ئێمە چاکە دەکەین بۆ ئەوەی دڵی ئەوانی دیکە خۆش بکەین، یا دڵی خۆمان خۆش بکەین. ئایا من چاکە بۆ خۆم دەکەم، یا چاکە بۆ ئەوی تر دەکەم؟

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** پیاو دەبێ بەشە ژنایەتییەکەی ناوەوەی خۆی بدۆزێتەوە تاکو ببێ بە پیاو. واتە هەمیشە پرسیاری ئەوە لە خۆی بکات، ئەگەر ژن بووایە چ دەبوو؟

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ژن لێبوردەترن لە پیاو، ئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕانی بدرێتە دەست ژنان، ڕەنگە وەکو پیاو هەندە بە دوای قازانج و هەژموونخوازی و دەسەڵاتەوە نەبووایەن.

**ڕووداو: بە نرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** لە شوێنێک دەڵێم "هاوڕێ وێنەیەکی دیکەی خۆتە". ڕاستییەکەی، من لە ژیانمدا هاوڕێم زۆر بووە و لە سەفەری ژیاندا زۆربەیانم جێهێشتووە ئەوەندە وڵاتم گۆڕیوە، هەموو جارێکیش هاوڕێی ئازیزم جێهێشتووە. تایبەتمەندیی هاوڕێ ئاسان نییە وا سەرپێیی دەستنیشان بکرێ، بەڵام برادەرانی منداڵی و مێردمنداڵی هەمیشە لەیادمن. هی ئەو سەردەمەی کە حیسابات لە گۆڕێدا نەبوو. هاوڕێی تەواو ئەوەیە بە حیساب مامەڵەی لەگەڵ ناکەی. لێبووردن سەنگی مەحەکە.

> کۆتاییەکانی ژیان خۆشترە وەک لە سەرەتاکانی

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** حەزم لە ئاشتییە، حەزم لە پەیوەندییە، حەزم لە سەفەرە، حەزم لە گۆڕینە.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** بەختەوەری ئەو کاتەیە کە ڕابردوو و ئایندە نامێنن.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** کاتێک بە زۆر شتێکت پێ دەکەن.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** حەز دەکەم لە زۆر شوێن بژیم، بە تایبەت ئیرادەی گۆڕینی شوێنەکانم هەبێ.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** هەموو ڕەنگێک لە شوێنی خۆی جوانە، شین ڕەنگێکی تایبەتە، ڕەنگە هی ئەوە بێ کە ئاسمان شینە و شینیش نییە.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ڕامبۆ، بۆدلێر، بەلزاک، پروست، سان جۆن پێرس.

> حەزم دەکرد کەمێک ئازاتر و ڕاستگۆتر و زیرەکتر بوومایە

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ڕامبۆ و سان جۆن پێرس.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ئەوانەی کەمتر پاڵەوانن.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** هەمان وەڵامی پێشوو.

ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟

د.ئەحمەدی مەلا: ژاک برێل، مۆزارت.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** پۆل کلێ، ژان میرۆ، کا ند ینیسکی.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ناو بە ناوەڕۆکەوە دەبێ بە ناو.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ڕقم لە تەختاییە.

**ڕووداو: حەزت لێ بوو چ تایبەتمەندییەکت هەبوایە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** کەمێ ئازاتر بوومایە، ڕاستگۆتر و زیرەکتر.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ئاگام لێی نەبێ.

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** ئارام و لەسەرخۆم. کۆتاییەکانی ژیان خۆشترە وەک لە سەرەتاکانی.

**ڕووداو: درووشمی تۆ چییە؟**

**د.ئەحمەدی مەلا:** دروشمم نییە.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**د.ئەحمەدی مەلا**: بەڵێ. ئەگەر ژیانی ئەو سەر دنیاش هەبێ (هەرچەند بڕوا ناکەم) دەڵێم ٧٧ حۆرییەکە بۆ خۆتان، بهێڵن با خەریکی شتەکانی خۆم بم.

---

ڕەسووڵ سوڵتانی



# لەوحی ڕێزلێنان

هۆڵەکە جێی کەسی دیکەی نەدەبووەوە. وێنەی فەرماندە پڕ بە دیواری سەکۆکە گەورە کرابووەوە و، زەردەخەنەی سەر لێوی دەتگوت تا هەتایە هەر وا گەش دەمێنێتەوە... ئەو ڕۆژەش چاوی ئاوا دەبریسکانەوە، تۆ سەیر کە، وەک چۆن لەو وێنەیەدا چاوی دەبریسکێنەوە. گوتی: ئەوە دوا شەڕە، دەچمەوە و واز دێنم. گوتی: حەزم لێیە کتێبفرۆشییەک بکەمەوە و بە دەم کتێبفرۆشتنەوە خۆیشم بە دڵی خۆم بخوێنمەوە و بنووسم.

گوتم: ئەو منداڵە چارەڕەشانەی تۆ شانسیان نییە.

گوتی: بۆ؟

گوتم: ئەی باوکێکی وەک تۆیان هەیە، یان پێشمەرگایەتی دەکەی، یان دەچی کتێبان دەفرۆشی. سوور دەزانی هەردووکیان ڕێگەی قڕهاتن و برسیبوونن، پیاوی ئاقڵ بیرێک لە داهاتووی منداڵەکانی دەکاتەوە.

گوتی: ڕێباز، واز بێنە. ئەوە حەزە حەز. حەز هیچی لەگەڵ ناکرێ. ئەگینا دەزانم بەرپرسەکانمان چەندی گاڵتەیان بە ئازایەتیی ئێمە دێ، سەد هێندە گاڵتەیان بە کتێب و کتێبخوێندنەوە دێ.

گوتم: باشە ئەوەش دەزانی.

گوتی: خۆت کەر مەکە، چۆن نازانم، وەڵا بکوژرێین یەکەم کەس ئەوان تەماح لە ژنەکانمان دەکەن.

گوتم: ئەوان کێن؟

گوتی: ئەوانەی ڕۆژ نا ڕۆژێک سمێڵیان ڕەش دەکەنەوە....

دەنگی مایکرۆفۆنەکە هات، ساتێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان بەپێوە وەستاین. بانگیان کرد وتارەکەی پێشکەش بکا. سمێڵی تازە ڕەش کردبوونەوە و هەر بریقەی دەهات.

گوتی: خوشک و برایانی خۆشەویست

خەڵکی تێکۆشەری...

گوتی: ڕێباز، ئەو کاتەی دەڵێن خوشک و برایانی خۆشەویست و خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر، لەو دەمەدا چاو دەگێڕن بزانن جوانترین ئافرەت لە کام شوێنەوە دانیشتووە.

گوتم: باشە بۆ هێندە بیر لەو شتانە دەکەیەوە؟

گوتی: ڕێباز... جار هەر قسەیەکی کردبایە ناوەکەمی دەگوتەوە، دەتگوت ئەگەر ناوم نەهێنێ گوێم لێی نابێ، یان قسەی پێ ناکرێ. گوتی ڕێباز، فلانەکەس دەناسی؟

گوتم: باش باش.

گوتی: تازە ژنێکی هێناوە. ڕەنگە پێت سەیر بێ، هاوتەمەنی کچە نێونجییەکەیەتی.

گوتم: دەی بە ئێمە چی؟ خۆ خوشکی تۆی نەهێناوە؟

پێکەنی و گوتی: ڕێباز، مەسەلە خوشکی من و تۆ نییە، مەسەلە ئەوەیە ئێمە لێرە دەکوژرێین بۆ ئەوەی ئەوان...

قسەکەیم پێ بڕی و گوتم: وازیان لێ بێنە، باشە چار چییە؟ لێگەڕێین ئەو وەحشیانەش بێنە نێو شار کچ و ژنی خەڵک بە دیل ببەن؟

گوتی: ڕێباز، تا من مابم ناهێڵم...

دەنگی چەپڵەی خەڵکەکە هات. ئەی؟ چەپڵەی چی؟ کوڕە ئەو خەڵکەی ئێمە هەر لەخۆوە چەپڵە لێدەدەن. چما نازانن ئەوە پرسەی فەرماندەیەکی گەورەیە؟ خۆ نەمزانی چیی گوتووە. گەش گەش سەیرێکی جەماوەرەکەی کرد و گوتی:

وەک باسمان کرد، ئازایەتی و خۆنەویستی...

گوتی: ڕێباز، ئازایەتی هەم خۆشە هەمیش کەرێتییە.

گوتم: بۆ کەرێتییە؟

گوتی: ڕێباز، ئازاکان خۆیان بە کوشت دەدەن و، ترسنۆکەکان دەبنە بەرپرس و بە درۆ شانازییان پێوە دەکەن.

گوتی: ئازایەتیی ئەوان نەبووایە، ئێمە نەماندەتوانی ئاوا بە ئارامی بژین. ژیانی ئارامی ئێمە لە سایەی لەخۆبوردوویی ئەوانەوەیە و نیشتمان و میللەت قەرزباری ئەوانن.

گوتی: ڕێباز، قەرزێکی زۆرم لەسەرە. خانوویەکم بە نایاسایی دروست کردووە، هەموو کەرەستەکەیم بە قەرز کڕیوە. ئەو ڕۆژە چووبوومەوە بۆ پشوو، خێزانم گوتی ئیشەڵا کەی حەمامەکەمان بۆ کاشی دەکەی؟ هیچم نەگوت، هەستام چوومە لای کاشیفرۆشێکی سێتاقان، کابرا گوتی: مادام پێشمەرگەی خاترت دەگرم. گوتم ئەی بە قەرز نایدەی؟ گوتی: جا شت بە قەرز دەدرێتە پێشمەرگە؟ کێ دەڵێ ئەمجارە بچیتەوە دێیەوە یان نا...

خوشکان و برایانی خۆشەویست، ئێمە دەستی ئەو دایکانە دەگوشین کە ڕۆڵەی ئاوا بە جەرگ و بەوەج و ئازا پێشکەشی بارەگای نیشتمان دەکەن... نیشتمان...

گوتی: ڕێباز، نیشتمان لای ئێمە نیشتمانە و بەبێ نیشتمان ئێمە مانامان نییە.

گوتم: ئەی بەلای ئەوانەوە؟

گوتی: بەلای ئەوانەوە وەک مانگایەک وایە، تا تەڕایی تێدا بێ دەیدۆشن و ئەگەر پێیان بکرێ ناهێڵن ئێمە لە نێو گەوڕەکەیشیدا بخەوین.

پەرداخە ئاوەکەی هەڵگرت، قومێکی لێ خواردەوە و دەستێکی بە سمێڵە ڕەشەکەیدا هێنا و گوتی: ئحم، برادەرینە...

گوتی: ڕێباز زۆرم تینووە... بۆ خاتری خوا چۆڕێ ئاو...

دکتۆر گوتی نەکەی ئاوی بدەیتێ، بریندار نابێ ئاوی بدرێتێ.

ئێوارەیەکی دۆزەخی بوو. هەر دۆزەخ بوو. ئاگرباران بوو. سێ سەعات بوو هێرشەکە لەسەر ئێمە بوو. گوتی: ڕێباز، بێخەم بن، تەنیا چارەگێکی دی خۆ بگرن ئەوان دەشکێن. ئەوان بە کرێ گیراون. بەکرێگیراو شەڕی پێ ناکرێ...

قرمژنی تفەنگ و گرمەی تۆپ و هاوەن و ئارپیجی ئاسایی ببووەوە. پێشمەرگە دەتگوت تا پتر گوێیان لە گرمە و تەقە دەبێ سەرخۆشتر دەبن. دوو پێشمەرگە چووبوونە بن باڵی بریندارێک و دەیانهێنا. نیو سەعاتێک دەبوو بەجێی هێشتبووم. گوتی دەچم سەرێکی ئەو قوڵەی ئەولا دەدەم نەکا شتێکیان پێویست بێ. تەقەی بەرانبەرمان خەریک بوو کەم دەبووەوە. لەخۆوە دڵەخورپەیەک دایگرتبووم. کوڕەکان هەموو تۆزاوی و ئارەقاوی و تینوو، بەڵام بە ورەوە تەقەیان دەکرد. کە یەکێکیان بریندار دەبوو و دەکەوت، دەسبەجێ تیمی فریاکەوتن ڕایاندە گواستە هێڵی پشتەوە. سێ کەس لە سەنگەرەکەی ئێمەوە تەقەیان دەکرد. یەکێکیان سەرچیخ فیشەکێک لاسەری گرتبوو، بەڵام ڕازی نەدەبوو بچێتە دواوە، دەمودەست بە جەمەدانییەکەی پێچایەوە و دەستی کردەوە بە تەقە. ئەو ڕۆیشتبوو و هەر نەهاتبووەوە. کە ئاوڕم داوە لەولاوە بە غاردان دەهات. سەروقژی خۆڵاوی و تۆزاوی بوو، بەڵام ددانی سپی دەچوونەوە و پێدەکەنی. گەیشتەوە لامان و گرمەیەک هات و ئەو کەوت. گەیشتمە سەری. گوتی: ڕێباز، خەمت نەبێ. مەترسە هیچ نییە. هیچ نابێ. قومێک ئاوم بدەیە. چاوی بڕیبووە چاوم. تیمی فریاکەوتن گەیشتنێ... ئەو هاواری ئاوی دەکرد، دکتۆرەکە گوتی نەکەی ئاوی نەدەیە، تۆزێک دەمولێوی بۆ تەڕ بکە... نێوچاوانیم ماچ کرد، گوتی: ڕێباز، حەمامەکەم کاشی نەکردووە....

خوشک و برا خۆشەویستەکان

ئێمە بە ئێوەوە سەرمان بەرزە و لە سایەی پێشمەرگەوەیە ئەم نیشتمانە...

گوتی: ڕێباز، نیشتمان هەموو شتێکە، بەڵام خۆزگە هەمووان وەک یەک لە سێبەریدا حەسابانەوە...

گوتم: ئەو شەڕە دەبڕێتەوە، ئەو کات ئێمەش...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، گوتی: ئێمە چی؟ لە ژیانماندا ئەوەندەمان لەگیرفاندا نابێ جووتێ پێڵاوی وەک ئی منداڵەکانی ئەوانی پێ بکڕین و بیکەینە پێیان.

گوتم: گرینگ ئەوەیە سەربەرزانە دەژین.

گوتی: ڕێباز، سەربەرزی چ مانایەکی هەیە کە تۆ شەرمەزاری لای منداڵەکانت بی؟

دیسان، سەری ڕێز و نەوازش بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان دادەنەوێنین و ئەم لەوحی ڕێزلێنانە بە خێزانە سەربەرزەکەی دەبەخشین.

گوتی: ڕێباز، لەوحێکی ڕێزلێنانیان پێداوم، لە ماڵەوە هەڵمواسیوە و لەسەری نووسیومە لەوحی بەکەرزانین.

گوتم: بۆ؟

گوتی: ئەو ڕۆژەی ئەو لەوحەیان پێدام، کوڕەکەم دەگریا بۆ پاسکیلێک، پارەم نەبوو بۆی بکڕم. لەوح چ لێبکەم؟ با سەد دۆلاریان لە نەوتی ئەو بۆڕییە دابامێ کە دەیپارێزم.

خەڵکەکە تێکئالان. هۆڵەکە وردە وردە چۆڵ دەبوو. خێزانی فەرماندە لەوحەکەی بەدەستەوە بوو و وێنەگری میدیاکان وێنەیان دەگرت و چەند کەسێکی سەر و سمێڵ بۆیاغکراویش لەملاو ئەولای دەهاتن و دەچوون.

زەردەخەنەی وێنەکەی فەرماندە کاڵ دەبووەوە. ترووسکایی چاوی جار بە جار تارتر دەبوو.



بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net